# شەونم

هۆنراوەی (6)

ای نسیم سحر آرامگه یار کجاست

ئەی شنەی بای سەحەری کوێیە ئەریَ مەنزڵی یار
کامە جێی دڵبەری عاشق کوژی شۆخی عەییار
شەوەزەنگە و سەفەریم رێگەمە چۆڵگەی ئەیمەن
کوا گڕی توور و قەرار و بڕی وادەی دیدار
هەرکەسیَ دێتە جیهان حاڵەتی مەستانی هەیە
لەو سەرا کۆنەیە بۆم پرسە ئەدی کوا وشیار
شارەزای رەمز و ئیشارانە شیای مزگێنی
ریزەکاری لە ئەویندا نییە هەروا ساکار
بە هەزار کاری بە تۆیە چڵی هەر موویەکی من
چم لە تانە و تەشەری رەخنەگرێکی بێکار
زولفی زنجیری دەویَ , شێت بووە لێم عەقڵ و دڵیش
زیزە , خۆی داوە لە ژێر سووچی برۆیدا حاشار
گشتی ئامادەیە بادە و گوڵ و موتریب ئەمما
یارە جێی خاڵییە , کەڵکی نییە عەیشی بیَ یار
دڵ لە تەکیەی بە خەم و خەڵوەتی شێخی وەڕەزە
کوێیە مەیخانەکە, لە کوێیە کچی چاو بە خومار
بای خەزان بۆ چەمەنی ژینە , مەڕەنجە حافز
باشی بیر لیَ کەوە , کیَ دیویە گوڵێکی بیَ خار

حافزی حەقیقی